


# پەیڤین*

لێم تەرە بوویت؟! سەردەمانیٚ کۆتری هیلانەی رۆحم بوویت،گمەت ئەهات... بوویت بە سەراب! لە دەمێکدا تەنیا مێرگی سەوزپاراوی ئەندێشەم بوویت...

بەرجەستەبە، دەتکایە بەرجەستەبە، پەلکە زێڕینەی بەهارم بەرجەستەبە"من بە خەیاڵ ئەتبینمەوە لەناو هەموو ئازارێکا ، لەناو پەلکەزێڕینەدا، لەناو پەلکەی زێڕینی ئەوکیژۆڵەی لە کۆڵانی شارەکەماپێپساوی ڕێی کۆچەرانی مەرگەساتە مەزنەکە بوو.

وەرەوە با لە ئامێزت گرم وەك کۆرپەکەی عومەر خاوەر تێر بتگوشم بە رۆحمەوە.زۆر ئەترسم تۆش وەك ئەوان دوا ئۆغری خۆت کردبیٚ..بەڵام نانا ! جاربەجارێك لەدەمانی ئاوارەییـم لە ژێر چادری نامۆیی، لەدەلاقەی پشت تاریکی وئەنگوستە چاوی ئەوسیارۆژانەدا، وەك زارۆی تازە پێگرتوو لەپشت بێشکەی ئومێدەوە سەرەتاتکێت بۆ ئەکردمو خەندەیەکت پێم ئەبەخشیو ئیتر پێکەوە بزەیەکمان بۆ رۆحیانەتی پێنج هەزار گوڵ و پێنج هەزار ئاوازو پێنج هەزار هونەرو سەدووهەشتاو دووهەزار رۆحی ماندووی تۆزاوی کۆچەرانی ڕێی غەریبی دایدەگرتین...

*بۆیادی کارەساتەکانی کیمیایی و ئەنفال


فەلاح تریفەیی

زاخۆ 1999/3/10

Falah692005@yahoo.com